# بێشکچی..

***پیاوێک، لە باوەڕ و زانست و تێکۆشانی مرۆڤدۆستانە..***

ڕانانی کتێب: **یادەوەرییەکان:{ئیسماعیل بێشکچی}**

وەرگێڕانی محەمەد عیزەدین ٢٠٢٢

بڵاوکراوەی .. دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ٦٥٤ لاپەڕە




هەڵۆ بەرزنجەیی..٢٠٢٢/١٢/١٢

***دوایی کوردستانیش وتی:***

***ئەوەی ئێستاکە ئێمە ئەتوانین بیکەین***

***وەک گوڵ و شیعرو ئازادی***

***لەگیانماندا هەڵتگرین!*** " شێرکۆ بێکەس"

بێشکچی: بیرەوەرییەکانی هی پشت دەرگا ئاسنین و ژووورە تاریکەکانی زیندانن.. زیندانی کردە زانکۆی ڕاستەقینەی توێژینەوەکانی.. ئەو هاوڕێی کەلەپچە و ژووری تەنیایی و سیمبۆلی زانست و ئازادی و کورددۆستییە.

بێشکچی: لە دووڕیانی زانکۆ و زیندان دا، دووەمیان هەڵبژارد، بۆ کارە زانستییەکانی. چونکە پێی باشتر ە توێژینەوەکانی لە زیندان بکات نەک لە زانکۆ ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەتی فاشتی تورکیادا..

زانکۆ لە بێشکچی کراوەتە زیندان، بەس لەبەئەوەی داکۆکی زانستیانەی لەسەر بوون کورد و زمانەکەی کردووە. ئاخر بۆیە بێشکچی یەکجار گەورە و تایبەتە، چونکە لە زەمینەی دەوڵەت و سیستەم و ناو ئەقڵێتێکی داگیرکاریی ڕەش و دڕندە و ستەمکاریی بێ هاوتا لە جیهاندا، بۆ بەها و سەنگی زانست و مرۆڤدۆستی تێکۆشاوە..

بێشكچی: به هزر و باوەڕ و قەڵەم و جەستە لاوازەکەی،دەوڵەتی بەهێزی تورکیای هەژاندووە، هەرچی هێز و توانا و هەڕەشە و گوڕەشەی ستەمکاریی و چەوساندنەوە و نانبڕتن و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی تورکیا هەیە چۆکی پێ دانەدا و هەر بە سەربڵندی و گەردن بەرزی و خۆڕاگری مایەوە..

ئاخر کاتێ عەشقێ لەدڵ و دەروون دا، ببێتە باوەڕ و پرنسیپ، واتە سنووری سۆزێکی ڕاگوزەرانەی تێپەڕاندووە و زیاتر وەک چەمک و تێگەیەک بەرجەستەبووە، نەک خۆی وا نمایشت بکات، بە شێوەیەکی هەستی تەنک و ئارەزوویەکی نەمەیوو.. بێکشچی ئەو کەسە بیە باوەڕ و ئیمانی هەتا ئێستا بە زانست و ڕێبازەکەی هەیە..

**بێشکچی**.. ناوێک لە زانست و هەڵوێست و قوربانی.. نیو سەدە زیاترە شان بە شانی ستەمی مێژوویی تورک و کەمالیزم و دەوڵەتی تازە قوتکراوەی تورکیا و هاوشانی مێژووی کورد باسی دێتە ناو ناوانەوە..ناوێک هەر لەسەرەتاوە پرشنگی داوە و تا بێت شەوەزەنگی ستەم و تاریکستان ڕادەماڵێ..
تورکیای میراتگری ئیمپراتۆری عوسمانی دۆخێکی خوڵقاند، کورد لەسەر بێشکەوە خوێنی حەڵاڵ کرا..
کەمالیزم سیستەم و دەسەڵاتێکی هێنایە کایەوە، ناوی کورد و کوردستان بوونە مادەی قاچاغ و سزای توندییان لەسەر دانرا.. بەڵێ دۆخێک خوڵقێندراوە کوردبوونی تێیدا بووە گەورەترین تاوان...

بێشکچی.. کەسایەتییەک لەوپەڕی زانستپەروەریدا دەبێتە قارەمانێکی نەبەزیوی زیندانی فاشستەکانی دەوڵەتی تورکیای تاوان. خزمەتەکانی بارتەقای زانست و ڕاستیپەروەر و بێ منەت لە دەسەڵات و دەستکەوت و پلە و پایە و ماڵێ دنیا. هەڵوێستەکانی بە قوڵایی مێژوودا ڕۆچووە و باڵایان لە چیای حەسارۆستی کوردستان بڵندترە...
بنۆرە بێشکچی لەنێوان داکۆکی لە دۆزی ڕەوای کورد و کاری زانستی و بەدیارخستنی تاوانی کەمالیزم و دەوڵەتی داگیرکەری تورکیدا، چ زەحمەت و مەینەتی هەڕەشەیەک ڕووبەڕووی ژیانی بۆتەوە نزیکەی ١٧ ساڵ چەشتنی زیندانی تاڵی نێو ٢٣ زیندانی جۆراوجۆری دەوڵەتەکەی ئەتاتورک و تێیاندا هەیە چەند جارێ بێشکچی تێ خزێندراوەتەوە......
ئەو پرسیارەی لەبەردەمماندا قووت دەبێتەوە: تۆ بڵێی بێشکچی ئاگای لە پەرەگراف و یاسا توند و شۆڤێنیستی و نامرۆڤەیەتییەکانی دەوڵەتەکەی بێت، بەرانبەر بە کوردبوون؟..!

ئاخر بەڕاستی جێ سەرسوڕمانە کەوا لەنێو میللەتێکی هێندە ملیۆنیدا کەسێک هەڵکەوێ، ملی خۆی بە ئارەزوو لە چەقۆی داگیرکاریی کەمالیزم بسوێ... ئێوە سەرنج بگرن و تاقە ڕۆژێک زیندانی فاشییەکان بهێننە بەرچاوتان! چەوساندندنەوە و ئەشکەنجەی نامرۆڤانە بەدرێژایی مانگ و ساڵان.. پۆلیس و جەندرمە و دامودەزگە داپڵۆسێنەرەکانی تری تورکیا وەبیر خۆتان بهێننەوە،چۆن مێژوو بە قێزەوونی باسیان دەکات.. بێشکچی بێ هیچ مەرام و دەستکەوت و بەرژەوەندیەکی کەسی، بەرووی چیای ئەم ستەمکارییەدا چۆتەوە و گیانبازی بەژیانی خۆی کردووە..

هەر لەبەر ئەمەیە نوام چۆمسکی دەڵێ " : **ئیسماعیل بێشکچی، قارەمانێکی دنیای زابستە، سیمبۆڵی ئازایەتی و نەبەردییە. بۆ کورد لە گالیلۆ زۆر زیاترە ."**
چەند جێی شانازی و بە خۆنازینە لەم دەیجور و قەیرانەی مەردایەتی و زانستپەروەریدا کەسانێک هەڵکەون، لە پێناوی بەهای جوانی مرۆڤپەروەریی و زانست و ڕاستی دا، گیانبازی بە هەموو ژیانی خۆیان بکەن.!..

بێشکچی.. بۆیە زۆر گەورەیە چونکە نموونەیەکی تاقانەی دەگمەنی ئەوانەیە بە باوەڕ و ئیمان لەگەڵ پیشەی زانست و راستی و مرۆڤدۆستیدان...
بێشکچی، هەر لەسەرەتاوە زانیویەتی دەبێت چ بکات و ڕووبەڕووی چی دەبێتەوە ...!ئەو باش سیستەم

و یاساکانی وڵاتی خۆی ناسیووە و چاوەڕوانی لێ کردوون ئازاری بدەن و تووشی چەرمەسەری بکەن...!!

بێشکچی.. نموونەی تاکێکی نێو ملیۆنانە و تاقانە و بێ وێنەیە، قوربانی دان بە ١٧ ساڵ و چەند مانگێ لە تەمەن لە پێناوی کارێکی زانستی و داکۆکی لە مافی نەتەوەیەک و لایەنگیری راستی و مرۆڤدۆستی جێی سەرسووڕمان نییە.

گەر بڵێین دەوڵەتێ لە بنەمای ترس و بێباوەڕی دروستکرا بێت، خاوەنەکەی هەمیشە دوودڵ و نائارامە.. دەنا گەر وا نییە، ئەم هەموو ڕێگا و ڕێسا و یاسا قورسە چییە بۆ خەڵکی دادەنێ؟...!

تورکیا جگە لەوەی بەچکەی شەرعی دەستی ئیمپریالیزمە، هیچ بنەمایەکی بەدەوڵەتبوونی نەبووە و بە تۆپزی قوتکراوەتەوە . خۆ گەر بێت و بۆ مێژوو بگەڕێینەوە. تورک تێکەڵەیەکە لە تەتەرستان و مەنگۆلیاوە وەک پاشماوەیەکی لەشکری داگیرکەری جەنگیزخان هاتونەتە ناوچەکە و ماونەتەوە ..خۆیان بەزۆرداری کردۆتە خاوەنی خاک و مافی خەڵکی.. بۆیەکا هەمیشە لە دەوروبەری خۆیان ترساون و دەترسن!!، هەروەک کورد دەڵێ: " کراسی دزی مەگەر بە شەو لەبەر بکرێ.' لەم نێوەشدا ئەوەی تورک لەسەری دەژی، بەشێکی نیشتیمانی مێژووکردی کوردە...

ئا لێرەوەیە کەوا تورک بە هەموو هێزی دژ بە بوون و ناو و ناسنامە و نیشتیمانی کوردە. بۆ سەرخستنی پرۆژەکەیان و گەیشتن بەئامانج، تورک پێڕەوی لە کۆمەڵێ ڕێ و جێ کردۆتەوە و بە فەرمیی کردوویەتە سیاسەت و یاسا و دەستووری دەوڵەتەکەی و هەوڵیشیان داوە پەردەیەکی یاسایی و شارستانی و زانستی و پێدا بدەن.

لەم زەمینەیەدا زۆر بەسەیر و سەمەرەیی پیاوێک! رۆشنبیرێکی گەورە و زانایەکی کۆمەڵناس، هەڵدەکەوێ لەم ئەقڵێت و بڕیار و سیاسەتە دەکەوێتە گومانەوە و دژ دەوەستێتەوە.. وەک خۆی دەڵێ" : **لەبری ئەوەی گوێڕایەڵی دەوڵەت و باوەڕە فەرمییەکان بم، زیاتر پابەندی زانست و ڕێکارەکانی بووم".. ل ٢٠**

بێشکچی.. زیاتر لە پەنجا ساڵ لەبەردەم دەوڵەت و دادگادا جەختی لەسەر ئەم پرنسیپە کرووە و ساڵانێکی زۆر زیندانی ئەشکەنجە وماڵوێرانی بەخشییە بنەماکانی باوەڕ و ئیمانەکەی..

تورکیا دەوڵەتێکە لەسەر لاسایی بنەمای دەوڵەتی یەک نەتەوە و یەک زمان ناوکی براوە... لەو دەوڵەتەدا بە دەستوور ددان بەس بە بوونی تورکدا نراوە...واتە چ کورد و چ هەموو ئەو کەمە نەتەوەییانەی دیکە لە تورکیا بوونیان نییە.. ئەم برگە یاسایی و فەرمانە دەوڵەتی و سیاسەتە شۆڤێنییە، گشتگیر کراوە لە هەموو دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت دا.. بەتایبەت لە کایەی پەروەردە و خوێندن دا، کەواتە لە دایەنگا و باخچەی ساوایانەوە نکۆڵی لە بوونی کورد کراوە.. تەنانەت کورد هەبووە باوەڕی بە خۆی نەکردووە کە کورد،یاخود کورد تورکی شاخاوییەی لا بەڕاست گەڕاوە!! چونکە یاسای دەوڵەتەکەی وای فەرمووە...

جا دەبێت کارەسات و تراژیدیا چی بێت لەوە گەورەتر و خەمناکتر؟!.. کورد بیت نەزانی کوردی یاخود نەوێری بڵێی کوردم یان بە یاسا رێگریت لێ بکرێ کوردبوونی خۆت رابگەیەنی...!چ ستەمێک هەیە لەمە سەخت و قورستر؟؟!!

زانکۆ.. کە مەیدان و سەرچاوەی زانستە و زانستیش بەدوای ڕاستی و هەقیقەتدا وێڵە و لە دنیای مۆدێرن دا گەورەترین بایەخی هەیە و جێی متمانەی خەڵکە،لە تورکیای کەمالیزمدا خراوەتە خزمەتی ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی فەرمی دەوڵەتەوە. چا بنۆڕن پارادۆکسەکە چەند گەورەیە و دەلاقەی نێوان ئەم دوو جەمسەرە چەند فراوانە؟!..

دۆزی کورد هەر کێشەی تورکیا نەبووە و نییە، بەڵکو کێشەی هەموو رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهانییشە.. ئاخر ناکرێ نەتەوەیەک بێ ویست و خواستی خۆی دابەش بکرێ بەسەر چەند دەوڵەتێکی زۆڵەکی دروستکراوی دەستی ئیمپریالیزم دا، ڕازی بێت بەم قەدەرە و ئاڵای خۆبەدەستەوەدان بڵند بکاتەوە.. لێ بگەڕێ ئەوانی داگیرکەر و دوژمن بیتوێننەوە و بیکوژن و ڕاییگوێزن و نکۆڵی بوونی بکەن قڕی بکەن!....

**" کورد یەکێک بوو لە کێشە بنچینەییەکانی تورکیا ئەو ئاریشەیەی هیچ کەسێک نەیدەویست خۆی لە قەرەی بدات". ل٣٠**

ئەگەر لە دەستووری وڵاتدا تۆماری شێواو و هەڵە هەبێت و بە زانایی و وریایی و مەبەستەوە بڕیاری لەسەر درابێ و دەوڵەت و دامودەزگاکانی پێڕەوی بکەن، ئەوە دیارە لە وڵاتێکی دواکەوتووی رۆژهەڵاتییدا ئاساییە ، پۆلیس و ئاسایشێک بێت پابەندی ئەم خەت و خاڵەی دەستووری دەوڵەتەکەی بێت.. بەڵام شتێکی ناقۆڵا و نالۆژیک و چاوەڕوان نەکراوە، ڕۆشنبیران و زانستکاران و مرۆڤدۆستان لەپشت ئەم بانگاشانەوە بوەستن. بێشکچی یەک لەوانەیە بە توندی و بە گەورەیی دژ بە سیاسەتی فەرمی دەوڵەتەکەی وەستاوەتەوە لەو شوێنەدا نازانستانە بڕیاریان داوە و نکۆڵییان لە بوونی کورد کردووەهەڵوێستی وەرگرتووە..

ئیدی زانستکار و هونەرمەند و رۆژنامەنووس و هەواڵنێر بە تێکڕایان پێڕەوی ئەوەیان کردووە کە سیاسەتی فەرمی دەوڵەت نەخشەی بۆ کێشاوە.

**" لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زانکۆکان بەبێ پچڕان ئەوە چەند بارە دەکرایەوە کە ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد تورکە و زمانێک نییە بەناوی نییە .بۆ پشتڕاسکردنەوەی ئەو بۆچوون و دەنگۆیانە دادگا بڕیاری فەرمی دەرکرد"..ل٣٧**

عەشقی ناوبراو بۆ زانست دەیکاتە هۆگری دۆزی ئاڵۆز و پڕ لە گرێوگۆڵی کورد، ئازاری زۆر دەچێژێ و قوربانی زۆر دەدات لەپێناوی باوەڕی زانستپەروەریدا...

**" پەیوەست بوونم بە کێشەکەوە لە خواستێکی زانینەوە سەرچاوەی گرتبوو". ل ٣٧**
کاتێ بۆ توێژینەوەیەک دێتە کوردستان تەماشا دەکات خەڵکێکی تر لەم دەڤەرە دەژین و مرۆ لەڕێی وەرگێڕەوە دەبێ قسەیان لەگەڵ بکات.. گوومانی لا دروست دەبێت وەک بانگاشەیان بۆ دەکرد، تورکیا یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە و یەک زمان نییە!...
دەچێتە رۆژئاوای کوردستان دەبینێ ئەوان و کوردی باکوور باش پێکەوە قسە دەکەن و لێک تێدەگەن ... پۆشاکیان وەک یەکە... جوگرافیاش هەر یەکە و سنوورێکی زەق دیار نییە چ جیاوازییەک بەدی ناکرێ...

ساڵی ١٩٦٣ لە گوندێکی نزیک بەدلیس سەرباز دەبێ، لەوێ دەستەیەک رەوەند و کۆچەری کورد بە مەڕوماڵاتەوە بەو دەڤەردەدا تێدەپەڕن! سەربازەکان دەچن ٢-٣ سەر مەڕیان لێ دەدزن. ڕەوەندەکان ئاگاداری ئەم کارە بوون لێ ترساون هیچ بڵێن... بێشکچی دەڵێ: **"بیرۆکەی بنکۆڵکردنی ژیانی ئەو ڕەوەند و کۆچەرییانە بە ڕێگای توێژینەوەی زانستی، لەوێ ڕۆژەوە کەوتە کەلەم. تێزی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆراکەشم ، ئیدی لە ڕووداوەکەی وێ ڕۆژێوە سەرچاوەی گرت ."ل ٥٦**

ناوهێنانێکی کورد و ڕەهەندەکانی دۆزەکەی قەدەغەکراو بوو.. دەردە گەورەکە لەوەدایە بێشکچی چەند لەلایەن دامودەزگە فەرمییەکانی دەوڵەتەوە سزادراوە، هێندەش لەلایەن بەشێکی هەرە زۆری زانکۆ و زانستکارانییەوە دژایەتی کراوە..

**" پرۆفیسۆرەکان ڕستەی ( کێشەی رۆژهەڵات) یان وەکو بانگەوازێک بۆ کوردەکان لێک دەداتەوە، ئەمەش بێ ویستی خۆیان بوو. ئەوانەی ڕەخنەیان لێ دەمگرتم ، مامۆستایانی بەشەکانی زانستە سیاسیتەکان و کۆمەڵناشی و مێژوو و مرۆڤباسی و ئابووری و زانستە مرۆڤایەتییەکان بوون" . ل ٨٧**

بێشکچی کەسێک بووە هێندە باوەڕی بە زانست و ڕاستی کارەکانی هەبووە، بە تاقی تەنیا ڕووبەڕووی سیاسەتی فەرمی دەوڵەتەکەیی و دەستوورەکەی و بنکە بەناو زانستییەکانیش بۆتەوە.. ئەم شەڕە هەر بە کەسێک لاوازی باڵاکورتی چاو کزی باوەڕ پۆلایین و دڵ پڕ لە خۆشەویستی وەک بێشکچی کراوە..

**" پێویستە دان بەمافە دیموکراتییەکانی کورددا بندرێت بۆیە ئەگەر حکومەتی تورکیا گوێ بە داواکارییەکانی کورد نەدا ئیدی کورد باس لە مافە سیاسییەکانیشیان دەکەن". ل ١٠٨**

مافی دیموکراتی لە پەراوێزی هەرەدامێنی مافی نەتەوەییدا دێ و شایستەی نەتەوەیەک نییە کۆلۆنیالیزم ئەڵقەی نیری یەخسیری لە ملی کرد بێت. کەچی زۆر بێ شەرمانە دەوڵەتی تورک ئەو مافەشی بە کورد ڕەوا نەدیووە. بێشکچیش بەر هەڵمەتێکی شۆڤێنیانەی بێ ویژدانانە بۆتەوە.**" تۆمەتی ناپاکی و دوژمنداری گەل و نیشتیمان و خاک فرۆشیان دامە پاڵ (...) ناکرێ نکۆڵی لە بوونی کورد و زمانەکەی بکرێت".. ل ١١٩**

بێشکچی لە یادەورییەکانیدا هەڵوێست و بیرکردنەوەی بەشێکی ئەو کەسانەشمان دەخاتە بەرچاو،کە لەزینداندا لەگەڵیدا بوون. لەم کۆنتێکسەدا ناو و بیرکردنەوەو و هەڵوێستی چەند ئاغایەک و چەند شۆڕشگێڕێکی چەپی کوردی بۆ تۆمار کردوون..دوو توێژ، لە بیرکردنەوەدا جیاواز و بە پێوەری کوردایەتی دوور لەیەکتر،ئەمما چاوەڕوان نەکراو لە بیرکردنەوە و هەڵوێست دا..

خەلیل ئاغا بە تۆمەتی:**" جوداخوازیی و دابەشکردنی نیشتیمان و گەل و چەتایەتی دادگایی دەکرا" . ل ١٢٨** .. ئەم ئاغایە ئەندامی پ. د. کوردستانی تورکیایە و کۆمەک و هاوکاری بۆ شۆڕشی باشووری کوردستان کۆکردۆتەوە. خەلیل ئاغا لەسەر کوردایەتی چەرمەسەری زۆری بەسەردا دێ، ماڵومولکی لەدەست دەدات، بەڵام بە ئیمانەوە داکۆکی و بەرگری کوردبوونی خۆی دەکات . لە زیندان کۆمەڵێ هەر بە کوردی قسە لەگەڵ زیندانییە کوردەکاندا دەکات..ئەوانیت تۆمەتباری دەکەن بەوەی چۆن ئەو تورکی دەزانێ و قسەی پێ ناکات و چۆن دەبێت وەک زیندانی سیاسی لێێ بڕواندرێت؟!..بە دەربڕینێکی تر دەیانەوێ گاڵتەی پێ بکەن و بە سووک تەماشای بکەن هەر لەبەرئەوەی بە کوردی ئاخڤییە. بێشکچی زۆر دۆستی بووە.

**" چەپی تورک دەڵێن: تورکی بۆرژوازی و کوردە فەیۆداڵەکان تورکیا بەڕێوە دەبەن" ل ١٤٧ و " بەردەوام چەپی تورک کارگەرێتی لەسەر چەپی کورد هەبووە. ل١٩٥**

ئەگەر چەپی تورک وا بیری کردبێتەوە و ئەوە لۆژیکەکەی بوو بێت و چەپی کوردیش لەژێر هەژموونی ئەم باندۆڕەدا بوو بێت،دەبێت چ جەهەنەمێکی ئایدۆلۆژی بۆ کوردبوون داخرا بێت و تاکی کورد بە ئاگری کام تەنووری گەرم سووتێندرابێت؟!.. نووسەرە توورکەکان بەشێکی زۆریان زمانی کوردییان بە هیچ زانیوە، پێیان وابووە و وایە کە زمانی نووسینی ئەدەبیات نییە. بێکشچی لەبەرانبەر ئەم هێرش و ستەمدا داوا لە زیندانییە کوردەکان دەکات،وەر بەرپەرچدانەوەیەک ئەو نوکتانە بنووسەوە کە خۆیان ڕۆژانە لە زیندان دەیگێرنەوە تا نیشانی بدەن زمانی کوردی هەیە و ژێهاتووە هەر بابەتێکی پێ بنووسرێتەوە..

بەداخەوە لە وەڵامی ئەم داوایەی بێشکچیدا جارێ تر چەپی کورد داوا دەکات بۆئەوەی زمانی کوردی بیسەلمێنێ توانای هەیە ئەدەبی پێ بنووسرێ دەبێت کتێبی (کاپیتاڵی( کارل مارکسی پێ وەبگێردرێتە سەر زمانی کوردی!..سەرنج بدەن کارەساتەکە بۆ کوردبوون چەند زەبەلاحە،لەو دۆخە هەر سەختەدا چ داوایەک ڕووبەرووی کوردبوون لەلایەن توێژێکی کوردەوە بکرێتەوە؟! ئەی بۆ کتێبی کاپیتاڵ؟ بۆ بەرهەمێکی شەکسپیر .هەمانگوای، تۆڵسۆی ،دانتی نا؟!!..

خورشید ئاغا یەکێکی ترە لەو نموونانەی بێشکچی ستایشی بیرکردنەوە و هەڵوێست و جوامێری دەکات.. ئەمیش ئەندامی هەمان پارتی خەلیل ئاغا بووە،بەهەمان شێواز هەڵسوکەوتی کردووە لەتەک کوردە چەپەکانی خۆیان بە شۆڕشگێڕی ئینتەرناسیۆنالیست زانیووە، و کوردبوونیان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە لا نەنگی و گەمژەیی بووە. ئەم گرووپە چەپە چوون بۆ پشتیوانی شەڕی فەلەستین و لە گەڕانەوەیاندا گیراون..ڕۆژێ یەکێ لەمانە لەگەڵ خورشید ئاغادا بەتورکی قسە دەکات،ئەویش وەڵامی ناداتەوە، دیالۆگیکی زۆر سەرنج ڕاکێش لە نێوانیاندا دروست دەبێت: چەپەکە پێی دەڵێ: **ئاغا هەروایە لووتبەرزن. ئاغ لەوەڵمدا پێی دەڵێ: کوڕم،تۆ بۆ بە زمانی خۆت ناپەیڤی؟** وەرام:" **ئاسیمیلە بوومە و کوردی نازانم"**. خورشید ئاغاش لەهەمبەر ئەم وەڵامەدا پێی دەڵێتەوە:" **هەموو ژیانی لینین و ستالین و مێژووی شۆڕشەکانی جیهان دەزانی و ناوهێنانی مارکست لە زار نابڕێتەوە،بۆیە خۆت فێری زمانی دایکیشت بکە"ل ١٤٨-١٤٩.**

چەپە شۆڕشگێڕەکانی جیهان وەک هی داگیرکەرانی کوردستان نین. لەفەڕەنسا چەپەکان بە لێشاو دەچوونە پاڵ شۆڕشی ڕزگاریخوازی جەزائیر، کەچی هی تورک و فارس و عەرەب خەریکی شێواندنی ناوەڕۆکی ئازادیخوازانە و دیموکراتی بزاڤی کوردن و زۆربەیان لە زەریای شۆڤێنیزمدا نقووم بوون.

فرانتس فانس دەڵێ: **" ژیان مەحاڵە بۆ میللەتە کۆلۆنیالکراوەکان دروست بێت،مەگەر تەنیا لەجەستەی داڕزاو و بۆگەنبووی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم نەبێت".**

بێشکچی بەم کۆپلەیە گەواهی دەدا لەسەر ئەم دوو ئاغایە و بە ئامانەتێکی مێژوویی واوە باسیان دەکات، کە هیچی بۆ کۆمێنتی کەسی تر نەهێشتۆتەوە:" **خەلیل ئاغا و خورشید ئاغا ڕۆڵێکی زۆر دیار و بەرچاو و گەورەیان هەبووە لە گەشەسەندنی بیروباوەڕ و ڕامان و هەستەکانم سەبارەت بە کورد و کوردستان". ل ١٥٢**

ئەشکەنجەدانی خۆی و هاوڕێکانی بە وردی دەگێڕێتەوە. وێنەی ژووورە تاریک و تاکەکەسییەکان دەخاتە بەرچاو، شێوازی سزا و سووکایەتیی پێ کردنەکان دەگێڕێتەوە... پێمان دەڵێ: **" زۆربەی ئەوانەی کەوتبێتنە بەردەست ئەو جەللادانەی دەوڵەتی تورک، بەساغی کەوتۆنەتە زیندان، هەر لەوێ گیانیان لەدەست داوە یاخود پاش ئازادبوونیان ماڵئاواییان لە ژیان کردووە."** واتە زیندانەکان وێستگە مردنن.

**" کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵگە و هێزێکی دینامیکی سیاسی گرنگن". ل ٢٠٢**

بێشکچی.. پیاوێک لە باوەڕ و زانست و تێکۆشانی مرۆڤدۆستانە

ڕانانی کتێب:  یادەوەرییەکان ئیسماعیل بێشکچی وەرگێڕانی محەمەد عیزەدین ٢٠٢٢

بڵاوکراوەی دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ٦٥٤ لاپەڕە

هەڵۆبەرزنجەیی ٢٠٢٢/١٢/١٢

یەکێ لەو تۆمەتە بێ بنەمایانەی بەردەوام دەردێتە پاڵ دۆزی ڕەوای کورد، ئەوەیە ئەم بزاڤە نەتەوەییە بەرهەقە، بەداردەستی لەکاتێکدا خودی دۆزی کورد لە قەسابخانەی **(سایکس پیکۆ)** ی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمدا ...ئیمپرتالیزم دەردێتە قەڵەم سەربڕدراوە..هیچ دۆزێ لەرۆژهەڵاتی ناویندا بە کێشەی فەلەستینیشەوە،هێندەی دۆزی کورد نەبۆتە قوربانی سیاسەتی چەپەڵی ئیمپریالیزم.

ئەوان دوو لایەنی دوژمن بەیەک ڕووبەڕووی یەک کراونەتەوە**!** کورد بەتەنیا کراوەتە چوار پارچە و رووبەڕووی چوار دەوڵەتی داگیرکەری دوژمن کراوەتەوە..

مامۆستایەکی زانکۆ بەشی مێژوو بە بێشکچی دەڵێ: **" پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوین لەلایەن ئەمەریکای ئیمپریالیستەوە دنە دەدرێ.. ئەوە نییە ئینستیتودتی کوردیان بۆ دەکرێتەوە کۆلیژی کوردۆلۆگیان بۆ دادەمەزرێنن** بێشکچی لە وەڵامدا دەڵێ: **"دواین دەگەڕێتەوە ئەو کاتەی کورد و کوردستانیان بەسەر چەندان پارچەدا بەشکرد". کاری ئیمپریالیزم لەناوچەکەدا بۆساڵی ١٩٢٠ ...ل ٢٠٨**

بێشکچی زۆر شێڵگیربووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە  لە تێکۆشان نەکەوتووە، دۆزی کورد بخباتە نێو زانکۆکانی تورکیا و لای ئادیمست و ڕۆشنبیرە باڵاکانی وڵاتەکەیی و ناوەندێکی گرنگی زانستی وەک زانکۆوە.. تاوەکو دوور لە کایەی سیاسی تاوتوێی ئەم کێشەیە بە میتۆدی زانستی بکرێ و بێتە زەمینەخۆشکەرێکی دینامیکی بۆ چارەسەرکردنی ئاوەزمەندانەی پرسی کورد. لێ بەداخەوە دەرگای زانستگە و زانکۆ و کایەی ڕۆشنبیران لە دەرگای زیندانەکان ئەستوورتر و ژەنگاوی تر بوون؟!..

**تا کێشەی گەلی کورد نەخزێندرێتە ناو زانکۆ تورکییەکان و وەک چۆن پرسەکە لەوەش ڕێگری لێ دەکرا تا بچێتە ناو پارتە سیاسییە تورکییەکانەوە" .. ل ٢٢٠ "**
بێشکچی دوای زانکۆ بڕیار دەدات کە هیچ شوێنێکی تردا کار نەکات، ئامانجی ئەوە بوو بەتەواوی بە میتۆدی زانستی خۆی تەرخانی دۆزی کورد بکات. لەهەقیقەتیشدا سەرۆکایەتی زانکۆکانیش ئاسوودە نەبوون بە کەسێکی وەک بێشکچی..

**بێشکچی بەدوای دۆزینەوەی ئەو کێماسییەوە بوو کە لەنێوان زانست و بۆچوونی فەرمی دەوڵەتدا هەبوو" ٢٢٥"**

لە تورکیا.. کێماسیەکە لەدەوڵەتەوە تا ئایدۆلۆژیای فەرمی و داگیرکاری و سیستەمی خوێندن و ناو مزگەوت و شوێنە گشتییەکانی گرتۆتەوە و بەرجەستەیە" **من بەردەوام بووم لەسەر ئەوەی کە دەبێ دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە و ڕاستییەکان وەک ئەوەی هەیە ببیندرێت و بەڕاستی و لۆژیکی زانستی و دوور لە کاریگەری هیچ لایەن و بۆچوونی دیکە کاری لەسەر بکرێ. بەتایبەت ڕەخنەگرتن لەو بۆچوونەی ئەو ڕاستیانە بەلاوە دەنێ و بە نەبوونیان لەقەڵەم دەدا" . ل ٢٣٠**

کاتێ بە دیوی ناوەوەی دەوڵەتی تورکیادا شۆڕ دەبینەوە، جۆرە یاسای شۆڤێنیانە و دەزگەی داپلۆسێنەر و بڕیاری ناجۆرر و شتگەلێکی ترمان بەرچاو دەکەوێت و دەخوێنینەوە و دەبیستین. کێشە بنەڕەتییەکەش لەوەدایە ستراکچەری دەوڵەتەکە لەسەر ئەم بنەمایە هەڵساوە و هەر لادانێک لەم ڕێڕەوە نادیموکراسی و نامرۆڤانەیە، دەبێتە مایەی مل شکاندنی دەوڵەتەکە و هەڵوەشانەوە. دەوڵەتێک بەرگەی ئەوە نەگرێ لە سنووری خۆیدا ددان بە بوونی ئەوانی دیکەدا بنێ؟ دەبێ ترس و تۆقان تا کوێ جێی هەڕەشەی سەر ئەو کیانە بێت.. ئاخر لەتەواوی جیهاندا دەوڵەتێک نییە، لێوان لێو پێکهاتبێ لە نەتەوەیەک،ئیدی تورکیا بەنیازی نەخشاندنی کامە ناسنامەی ئاوارتەیە؟!..

یاساکانیش هێندە قەرەقۆشی و  قرچۆکن گەر بە سزادانی قورس و هەڕەشە و تۆقاندن و پۆلیس پشتیوانییان لێ نەکرێ، شیاوی پێڕەوکردن نین و ناچنە نێو خەڵکەوە. بێشکچی سیاسەتی فەرمی تورکیامان بەم شێوەیە پێ دەناسێنێ: **" بۆچوون و ئایدۆلۆژیای فەرمی وەکو ئایدیای دیکە نییە، چونکە ئەوە بۆچوون و ئایدۆلۆژیایەکە کە بە سزاکانی دەوڵەت پارێزگاری لێدەکرێ".. ل ٢٣٢**

کاتێ سیاسەتی فەرمی دەرەتانی هەناسەدان و گەشە و فراژبوون و پێشکەوتنی داخست و ڕیشمەی ڕووداوەکانی تەنیا لە چاوی دەزگەکانی پۆلیس و ئاسایشەوە گرت بەدەستەوە، ئیدی مەحاڵە هیچ دەرفەتێ بۆ زانست و دیموکراسی ساز بێت، مرۆڤە ئازادیخواز و زانستکارەکان پێوە سەرقاڵ بن و بتوانن تێیدا بژین. **واتە خنکاندنی ناوەندی زانستی لەلایەن ئایدۆلۆژیای فەرمیی و خاڵی "**و زانستکارەکان پێوە سەرقاڵ بن و بتوانن تێیدا بژین.
**کردنەوەی ناوەڕۆکە گرنگەکەی زانست بە گشتی ". ل ٢٣٦**

ئەو ڕۆژگارەی تارمایی ڕەش و دڕندانەی کەمالیزم و سیاسەتی فەرمی دەوڵەتی تۆرانی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا بوو، دەنگێکی نووزە ئاسا و دەگمەن و تاقانە دەبیسترا،ترس و لەرزی دەخستە گیانی دەوڵەتی تورکیاوە . هەروەک دەبینین و بە ئاگاین

**بێشکچی بەئاگاهێنەرەوەی** "چ بە بێشکچی زانستکار و مرۆڤپەروەر و هەقبێژ و داکۆکیکاری لە دۆزی ڕەوای کورد وتراوە: **دۆزی کوردە بۆیە بەهیچ کلۆجێک قبوڵکراو نییە" ل ٢٣٥**

پێشتر ئاماژەمان بە بیر و هەڵوێستی چەپی تورک و کورد دەرهەق دۆزی کورد و بێشکچی دا، بێشکچیش بەو چەند گووتەیە لە کۆڵیان نابێتەوە و وەک خۆی لە کات و شوێنێ خۆیدا دێتەوە سەریان. لەو دۆخە پڕ لە کوێرەوەرییەی کورددا، چەپ و شۆڕشگێریی هەرە پێشکەوتوو، دژ بە کێشیی ڕەوای کورد وەستاونەتەوە،جارێک بە دواکەوتوو و فیۆداڵی و جارێک بە دەستچێنی ئیمپریالیزم و جارێ وەک شەیتان و جارێک ناسۆسیالیزم و..هتد.. تاوانباری کورد و بزاڤەکەی کردووە. ئەم بیر و نالۆژییەکە وای کردووە، لە بنە هەرە بنەڕەتییەکانی سۆسیالیزمیش لایان داوە،بەناراستەوخۆ بوونەتەوە برغویەکی تری دەوڵەتی تورکیا و کوتەکی ئایدۆلۆژییە فەرمییەکەی .بە واتای ئەوەی ئەوانیش کەمپینێکی دوژمنکارانەیان دژ بە دۆزی ڕەوای کرد بەرپاکردووە، سیاسەتی چەپایەتییان بۆ داکۆکی و پارێزگاری لە دەوڵەت و سیستەمی تورکیا بەکار بردووە. کێشەی نێو ڕێکخراوە کوردییەکان چەپایەتی و **فیکر و ڕامانی تورک، چەند پڕ کێشە و ناتەندروست بووە، سیاسەتی نکوڵیکردن** "ناچەپایەتی دەردێکی بێ دەرمان بووە. **هۆشی تورک و تێگەیشتنی سۆسیالیزمی خنکاندووە". ل ٢٦٥**

بێشکچی لەسەر ئەم دۆخ و دیاردە و بیرکردنە ناسروشتی و سەقەتە هاتۆتە دەنگ و ئەشکەنجەی زۆری خواردووە و دژایەتی زۆریش کراوە. لە ل ٣٣٨ باس لەوە دەکات، کاتێ گیراوە چەپەکانی کورد داوای لێ دەکەن ڕێنماییان بکات چ کتێبێک بخوێننەوە و چۆن خۆیان پێ بگەێنن، ئەو هەردەم پێێ گووتوون برۆن ڕۆمانەکانی یاشار کەمال بخوێننەوە.. لەسەر ئەوە بە کۆنپارێز و دواکەوتوو و ناسۆسیالیستی تاوانبار کراوە،چونکە پێی نگووتوون هەرن : مارکس و ئەنگلس و لینین و ستالین بخوێننەوە.

سەیرە زانستکارێ باوەڕی بەزانستە و کاری پێ دەکات و دەیەوێ بەم ڕێگایە کێشەی چەوساندنەوە و کوشتنی میللەتێکی چەندەها ملیۆنی قوتار بکات،کەچی چەپە شۆڕشگێرە هەر ئینتەرناسیۆنالەکانی تورک و کورد بە کۆنەپەرستی لەقەڵەم بدەن. هەر وتارێکی نووسی بێت و هەر کتێبێکی بڵاو کردبێتەوە،هێرشی بکراوەتە سەر و لەلایەن دەوڵەتەوە پاداشتەکەی سزادان و زیندانی کردن بووە.

بێشکچی هەر بەرەخنەگرتن لەدەوڵەتی تورک و چەپی تورکەوە گیانبازی بە گیانی خۆی نەکردووە، بەڵکو گەلێ باوەڕی بەوەش بووە، ڕەخنە لە هەڵە و کێماسی کورد بگرێ و باوەڕی بە ڕەخنە و گرنگی ڕەخنە بۆ کورد هەبووە، دەڵێ: **" بە بۆچوونی من لە هەموو گەلێک زیاتر کورد پێویستیان بە ڕەخنە لێگرتنە".** ل٤٠٦

خاڵێکی هەرە گەنگ و بنچینەیی و زانستی و بابەتی لە نووسینەکانی بێشکچیدا،ئەوەیە دۆزی کورد بەیەک یەکەی دانەبڕاو لەیەکتر دەبینێ و وەک قوربانییەکی پیلانی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم تەماشای دەکات و باوەڕی بەو دەوڵەتە دەستکردانە نییە. ئەم لایەنەش توانیویەتی بایەخی زانستی بۆ تێزەکانی زیاتر بکات،وەک بە کتێبە بەناوبانگەکەی (کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی) سەلماندوویەتی و لەسەری دادگایی کراو . تێزەکانی ئەم شاکارە توانی بیروبۆچوونی زۆر زانستکار و ئاکادیمیست و مێژوونووس **لەکاتێکدا پێویست بوو وەکو یەک پارچە** "و لێکۆڵەری کورد تێبەڕێنێو بێتە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگی دۆزی کورد **لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بۆ کوردستان بکرێت. چونکە ئەو جۆری میتۆدە لە کارکردن لەسەر کوردستان دەبووە هۆی ئەوەی ل ٤١٧ ."دابەشکردن و پارچەپارچەکردن و جیاکردنەوەی کورد و کوردستان ببێتە ڕۆژەڤەوە**

بۆ جەخت کردنەوە لەسەر بۆچوونەکەی ئێمە و ڕاستی هەڵوێستی بێشکچی چەند لاپەڕەیەک دواتر باس لەوە دەکات لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیاری کورددا، شەمرەفەدین کایا، محەمەد عەلی چاویان بە مادام میتران دەکەوێ. ئەوان باس لەمافە کولتوورییەکانی کورد دەکەن و بێشکچی پانۆرامایەکی مێژوویی دابەشکردنی

کوردستان و کێشە نەتەوەییەکانی دەکات. ل ٤٢٠

بێشکچی بە خەبات و تێکۆشانی زانستی و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی دڕندەترین دەوڵەتی سەرزەمین، بووە ناو و سیمبۆلێکی دیار و لە هەموو جیهاندا ناوی دەرکرد. بەرگەگرتنی ستەم و چەوسانەوەی ساڵانەی زیندانە ناوزڕاوەکانی تورکیا وای دەهێنایە پێش چاو، بێشکچی جەستەی پۆڵا و ئاسن بێت،لێ کاتێ دەتبینی هەر شتێ لە پەپوولە و کۆترێکی نەشمیلە بەخۆتر بوو. **" تۆ ل٤٥١ ".بێدەنگترینی پۆل بووی، وەلێ ئستا لەهەموو کەس زیاتر دەوڵەتت بەخۆتەوە شەکەت کردووە، ئەوە چۆن کارێکە؟**

"

بێشکچی مێژووییەکی پرشنگداریشی هەیە لە دامەزراندنی  ئینستیتوت و بنکەی رۆشنبیریی و وەشانخانەکان کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەمەیدانی کوردۆلۆگی و بوارەکانی دیکەدا و هەروەها بەشدارە لە دەرکردنی رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی دیکە و هاوکاری ناوەندەکانی دیکەی داوە و دەدات.

لە ل٤٧٤ ـ ٤٧٧  دا باس لە ناسینی ئەنترۆپۆلۆگێکی ئەمەریکی دەکات، کە خەریکی توێژینەوە بووە لە کوردستان و ئەفەریقا دەرخستووە هەستی هەستی نیشتیمانی و سرووشتیان زۆر کەمە. سەرنجدان لەو رووداو و بەسەرهاتەی تاقیکردنەوە لەنێوان کورد و هۆزێکی کینیایی لە ئەفەریقا دەکات.. خوێندنەوە و تێگەیشتن و توێژینەوە لەم باسە،ئەرکی رۆشنبیرانی کوردە؟!..شایانی لەسەر وەستان و بەهەند وەرگرتنە. لێرەدا پەندی " مشتێ نموونەی خەروارێکە" کتومت بە باڵای ڕاستییەکانی کورددا بڕاوە و دەبێت بپرسین بۆ کورد هێندە سادە و ساکار و دڵ وڵایە؟ بۆ هەستی نیشتمانی کز و لاوازە؟ رۆشنبیرانی و چرا بەدەستتانی کورد خەریکی چین لەو جڤاتە دواکەوتووەی کوردیدا و پێویستە چ بکەن؟ و کۆمەڵێ پرسیاری دیکەش...

**رووناکبیری چییە؟ بۆ کورد ڕۆشنفکریی بریتییە لەدەربازبوون لە بەرتەسکردنەوەی هزری لەژێر هەژموونی بۆچوونی " فەرمیەوە". ل٤٨٠**

بێشکچی خاڵێکی دیکەی هەستیار دەورووژێنێ و زیگناڵێ دەدا بە گوێی نووسەر و رۆشنبیرانی کورددا و داوا دەکات، بایەخ بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکانی کورد بدەن و لەم میانەشدا پشت ببەستن بە  ئەرشیفی ڕووس و فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی و ئەمەریکی  کە زۆر گرنگن. لەپاڵ ئەمەشدا زۆر بوێرانە و زرنگانە هوشیاریاریمان دەداتێ، کە پێویستە کورد بە بەردەوامی و بە گومانەوە لە ئەرشیفی تورک و عەرەب و فارس بڕوانێ. وەک چۆن لەو باوەڕەدام بۆ کورد ئەرشیفی ئەرمەنیش زۆر جێگای باوەڕ نەبێ.

دوای دامەزراندنی " وەقفی ئیسماعیل بێشکچی " گۆڕانێکی گەورە لە ژیانیدا دەست پێدەکات و قەدەغەکردنی گەشتی لەسەر لادەچێ و بواری بۆ دەڕەخسێ بۆ چەند وڵاتێک بچێ.. ساڵی ٢٠١٣ وەقفی بارزانی داوەتی دەکات و دێتە باشووری کوردستان

سەردانی دامودەزگە و زانکۆ و مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و کەس و لایەنە سیاسییەکان دەکات.. ڕێزی بێ پایانی لێ دەگیرێ و د< فەرهاد پیرپاڵ لەبەردەمیدا دەچێتە سەر چۆک و پێڵاوەکانی ماچ دەکات و تاکێ لە پێڵاوەکانیشی لە پێ دادەکەنێ و هاوار دەکات" ئەم تاکە پێڵاوە دەخەمە مۆزەخانەی کوردستانەوە.  گەشتی فەرەنسا و ئینگلتەرا دەکات..لە ناوەندە هەرە گرنگەکانی ئەم وڵاتانەدا وتاری پێشکەش کردووە و  پەیامی نەتەوەیی و مێژوویی و سیاسی کوردی گەیاندووە،بە وێنەی نوێنەرێکی ڕاستەقینەی کورد ئاخافتووە.دواتر چۆتە ئەمەریکا و ئەڵمانیا و زۆر شوێنی دیکە بەهەمان شێوە بیری کردۆتەوە و کاری کردووە و پەیامی گەیاندووە.

خاڵی دەرچوون و بیرکردنەوەی بووە. بۆیە واقیعیانەش لە پرسی کورد گەیشتووە و دەتوانێ گوزارشتی لێ بکات...

کتێبەکانی وەرگێردراونەتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان بە زمانی ژاپۆنیشەوە.. چەندین جار خەڵات کراوە و دکتۆرای ڕوومەتی پێبەخشراوە و دامودەزگا بەناوییەوە کراوە. بەڵگەفیلمێکی لەسەر ژیان و تێکۆشانی دروست  دەکرێ.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بێشکچی نەشتەری ڕەخنەی لە ڕووی کوردیشدا بەکار دەهێنا،بەتایبەت بەرانبەر بەوانەی لەئاستی پیرۆزیی  هەقیقەتی دۆزەکەدا نەبوون .

ئاشکرایە بێشکچی.. بە تێز و نووسینەکانی خزمەتێکی گەورەی بزاڤی کوردی لەهەر چوار پارچەی کوردستان کردووە و بە پ ک ک لە هەمووان زیاتر..هەر لەسەرەتاوە ئەم زانستکارە بە ئیرادە و بیروبۆچوونی خۆی  دەکەوێتە داکۆکی لە بەرخۆدانی کورد..خەباتی چەکداری پ ک ک بە شۆڕشی ڕزگارکردنی نەتەوەی کورد دایە قەڵەم. لەسەر ئەم بیرکردنەوە و هەڵوێستەی ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا.

پارتی ناوبراو دواتر بەتایبەت لەدوای گیرانی ئۆجەلانەوەوەرچەخانێک بە ستراتیژ و بیرکردنەوە و سیاسەتیدا دێت.بەتایبەت قسەکانی ئۆجەلان لە کاتی گیرانیدا و دواتر لە زیندانەوە و لادان لە ماف و داوا نەتەوەییەکانی کورد و سەرمەست بوون بە هەندێ دروشمی بریقەداری بێ ناوەڕۆک،   دەبێتە جێ نارەزایی و دڵشکاوی بێشکچی لەو پارتە.. ئیدی دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە پ ک ک ،ئەوانیش وەڵامی دەدەنەوە..

لە دوا لاپەڕەکاندا بە تایتڵێکی نوێ دێتەوە سەر باسی زانست و بەهای ئەم چەمکە و پیرۆزی زانکۆ وەک ناوەندی زانست و **ل ٦٢٣** .داکۆکییان لێ دەکاتەوە **." زانکۆ ئەو شوێنە گرنگەیە کە زانستی لێ بەرهەم دێت**

هەر لەم کۆنتێشتە ڕەخنەیەکی توند دەگرێ لە سیاسەتی فەرمی تورکیا و ناوەندەکانی زانست بە زانکۆکانیشەوە. بێشکچی زانست بە **میتۆلۆژیا و میتافیزیک و ئاین و هونەر و ئەدەبیاتیش وەک ڕێکاری زانستی پەسند** .واقیع دادەنێ. **" زانست پێڤاژوێکی هزرییە ل ٦٢٤..دەکرێت**

کاتێ سیاسەت باڵ دەکێشێ بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا و سیاسەتی فەرمی هەموو دەروازەکانی هەناسەدان دەتاسێنێ، ئیدی نە زانست،نە هەقیقەت،نە مرۆڤدۆستی و نە دیموکراسی و شتگەلێکی دیکە بایەخیان دەمێنێ و هەموویان لە پێناوی ئایدۆلۆژی فەرمی دەوڵەتدا پەکیان دەخرێ.. بەڵام بەلای زانستکاری راستەقینەوە زانست تاکە چەکی بەرەنگاربوونەوە نازانست و تاوان و نارِاستییەکانە.

**" هزری زانستی هزرێکی واقعییە بە واتایەکی دیکە، بیر و بۆچوونێکە لەگەڵ واقیع مامەڵە دەکات و هەوڵی ڕوونکردنەوەی واقیعیەتی زانستی و پەیوەندی نێوان واقیعیەت دەکات. بۆیە ئەرکێکی زۆر گرنگە کە لەوەها دۆخێکدا ڕاستگۆبین لەگەڵ ئایدۆلۆژیەکانیش لەو ناوە ئایدۆلۆژیای فەرمی، بەدوای زانیاری بەرژەوەندی خوازانەیە". ل ٦٤٨ .واقیعیەت**

هەر ڕێگرییەک لە کاری زانستی ، واتە کوشتنی ئازادی بیرکردنەوە و کارکردن.. مردنی ئازادیش زیانگەیاندنە بە کار و تاقیکردنەوەی زانستی .. هاوکات دەکاتە ئاستەنگ دروست کردن بۆ دیموکراسی و لەباربردنی زەمینەی بەرخەستە بوونی.. ئەمەش لە دواجاردا زیانە بە زۆر کایەی گرنگی دیکەی ژیان..

**" ئازادی لە ڕەخنەگرتن تەنیا سوود بە زانست ناگەیەنێت، بەڵکو پایەیەکی گرنگی ژێرخانی دیموکراسیش پێکدەهێنێت. وەک چۆن رۆڵێکی گرنگ لە فەلسەفە و هونەر و وێژەشدا دەگێڕێ". ل ٦٢٥**

بێشکچی تەمەنێکی دوورودرێژی لە زینداندا بەسەر بردووە. ئەم مێژووە، نەک هەر لای کورد بگرە لەسەر ئاستی جیهانیش جێی ڕێز و پێزانینی بەرز و گەورەیە..

خۆی لەم بارەوە شتێکی سەرنج ڕاکێش لەمەڕ ئەوانی دیکەوە دەنووسێ کەوا زۆر جۆرەها کەسی دیوە هەڵوێستیان بەرانبەر تورکیا نواندووە، بەڵام دوای سزادانێکی بچووک خۆیان رادەستی دەسەڵات کردووە.. واتە پشووکورت و نازانستی و ناشۆڕشگێڕ بوون و ترسنۆک بوون لەئاست بیروباوەڕەکەیان دا..

کەچی وەک دەزانین سەرتاسەری تورکیا بۆ بێشکچی زیندان بووە،لێ لێرەدا گرنە ناوی ئەو زیندانانە بخەینە ڕوو،کە بێشکچی بەشێکی لە ژیانی تێدا بەسەر بردوون!!..ناوی ئەو زیندانانەی بێشکچی تێیاندا زیندانی کراوە.. تێیاندایە چەند جارێ بوونەتە شوێنی ژیان و مەرگی بێکشجی :

**گرتووخانەکانی{ دیاربەکر، ئەدەنە، بورسا،تۆپتاشی، ساڤاریا، سەیمەن، چەنەقەلە، عەنتاب، کاینارجە، ئاداپازار،گولوجوک، .."بایرام پاشا، ئەنقەرە، ئیسکلیپ، بورسا، ساغماجلار،ئولۆجاندار، مەتریس، ئیسکلیپ، مەترەس، بورسای تایبەت کتێبی قەدەغەیەکەم زانای زانست دۆست لە جیهاندا فاشستەکانی تورک دژین٣٦ کورد هیچ دۆستێکی نییە، وەلێ دوژمنی گەلێک زۆرە} . ل ١٥١"کورد هەیە زمانی کوردی هەیە نکۆلییان لێناکرێ**

لەگەڵ عوسمان بایدەمیردا دەڵێم" **لە دڵی هەموو کوردێکی شەرەفمەنددا دەبێت شوێنێکی تایبەت بۆ خۆشەویستی ئیسماعیل ..."بێشکچی هەبێت**

بێشکچی.. زانستکارێکی بێ هاوتا و دۆستێکی گەورەی دانسقەی کوردە و بە زانست و بابەتێتی داکۆکی لە کورد و کوردستان کردووە، کەس هێندەی ئەو واقعیی و زانستیانە لێکۆڵینەوەی لەسەر دۆزی کورد نەکردووە.

بێشکچی لەنێو هەر سێ نەتەوە سەردەستەکەی کوردستاندا، بێ نموونە و بێ هاوتا و تاقانەیە لە بیرکردنەوە و کاری زانستی و کورددۆستی دا..گەر بهاتەیە بە ڕێژەی ٪ ١٥ لەنێو تورک و فارس و عەرەب دا، کەسی تری وامان هەبایە وێستگەی ژیانی کورد لە ئێستادا شوێنێکی دیکە دەبوو...

ئێمە هەرچی چەپکەگوڵێک لە وشەیە بڕازێنیەوە، بۆ بێشکچی هەر کەمە و پەیکەرێ لە زێڕ بکەین بۆ بێشکچی هیچمان هەر نەکردووە و مێژوویەکی بۆ بنووسینەوە هێشتا بارتەقای ئەمەک و دڵسۆزیی و دۆستایەتی ئەو نایەتەوە...

سڵاو.. لە بێشکچی گەورە و سەرکەش و ویژدان زیندوو و دەستخۆشی لەوەرگێری کارامە کاک محەمەد دەکەم، بۆ ئەم خزمەتە گەورەیە..